# ئایا لوبنان كێشەیەكی عەرەبییە؟

ن /محمد السماك

و/هێمن مەحمود

لەكاتی دواین كۆبونەوەی وەزیرانی دەرەوەی عەرەب لە قاهیرە، عەمرو موسای ئەمینداری جامیعەی عەرەبی وەها وەسفی لوبنانی كرد كە كێشەیەكی عەرەبییە.ئەمەش شتێكی راست نیە.لەبەر ئەوەی كە ئێمە دڵسۆزی راستەقینە و خۆشەویستی موسا دەزانین بۆ بۆ لوبنان و لەشارەزای ئەو دڵنیاین بۆ كێشەكانی ئەو وڵاتە،بەڵام ئێمە رێگا بەخۆمان نادەین ئەو قسەیە وەها ببینین كە دەستەنیشانكردنێكی راستەقینەیە بۆ هەستەكانی خۆی.

چونكە لوبنان كێشەیەكی عەرەبی نیە ،بەڵكو لە لوبناندا كێشەیەكی عەرەبی هەیە.

لە نێوان ئەم دوانەشدا جیاوازییەكی زۆر هەیە، چونكە كاتێك دەڵێن لوبنان كێشەیەكی عەرەبیە ئەوا مانای وەهایە ئەم كێشەیە بوەتە هۆی نائارامی و نەهامەتی و زیانیشە بۆ جیهانی عەرەبیشی و بەرژەوەندییە ستراتیژییەكانیشی خستۆتە بەر مەترسی، بەڵام كاتێك دەڵێین كێشەیەكی عەرەبی هەیە لەلوبناندا ئەوا ئەمە بەمانای ئەوەدێت كە ناكۆكییە عەرەبی_عەرەبی، عەرەبی_ ئێرانی، عەرەبی_ئیسرائیلی،عەرەبی_ئەمریكییەكان بەهۆی سیستەمە دیموكراتییە ئازادەكەیەوە لوبنانیان ئیستغلالكردوە و وەك پۆستێكی بەریدی سەیری دەكەن كە لەرێگایەوە نامە و ئاماژە بۆ یەكتری بنێرن، كە ئەمەش زیانی بە ئاسایش و ئابوری و تەنانەت نیشتیمانیشی گەیاندوە.

ئەوە لوبنانە كە بەدەست كێشە عەرەبیەكانەوە دەناڵێنێت نەوەك دەوڵەتە عەرەبییەكان بەدەست كێشەی لوبنانەوە بناڵێنن.

لە یەكەمین ئەو كێشە عەرەبیانەش غیابی هاوكاری و روئیا و تاكە ستراتیژییەتیەكە، و ئەگەر نیازێكی راستگۆیانەی عەرەبیانەش هەبێت بۆ سەركەوتن بەسەر ئەو ناخۆشییانەدا ئەوا دەبێت دەوڵەتە عەرەبییەكان چارەسەری ئەو كێشانەی خۆیان بكەن كە رەنگدانەوەی بەسەر بارودۆخی ئەو وڵاتەدا هەیە.

بەدڵنیاییەوە پەیوەندییە لوبنانییە لوبنانییەكان وەك هەنگوین شیرین نیە، هەروەها وەك ئافرەتێكیش نیە كە لەسەروو گومانەكانەوە بێت، بەڵام هەرگیز لوبنان توشی شەڕ و شۆڕ نەدەهات ئەگەر بێت و ململانێ هەرێمایەتیەكان بەم دەردەیان نەبردایە، و ئەگەر تاوەكو ئێستاش بەتەواوەتی توشی هەڵدێران نەهاتووە ئەوە هی ئەوەیە كە ململانێكەرە نێودەوڵەتیەكان دەزانن بە كەوتنی تەواوەتی لوبنان هەموو ئەوانی دیكەش دەكەون.

لێرەوەیە عەرەبەكان یان بابڵێین هەندێك عەرەب گرنگی بە لوبنان دەدەن، ئەمەش تەنها لەبەر چاوی كاڵی لوبنان نیە، بەڵكو بۆ گرنیگدانیشە بە چارەنوسی عەرەبی هاوبەشیش.

لەپێناوی ئەوەدایە لوبنان پێشوازی لە قسەكانی عەمرو موسا دەكات و باوەڕ بەنیازەكانی دەكات،بەڵام لوبنانیەكان ئەوەش باش دەزانن كە چاوی جامیعەكە و دەستیشی زۆر درێژ نین، ئەوەشدەزانن كە چۆن وڵاتە عەرەبییەكان نەیانتوانی هیچ كێشەیەكی ترسناكی هەر لە عیراقەوە تاوەكو سودان و فەلەستین و بیابانی رۆژئاوا چارەسەر بكەن.

ئەگەر وڵاتانی عەرەب چارەسەری كێشەی عیراقیان بكردایە كە كوێت ی گرت ئەوا كێشەكە نەدەگەیشتە هاتنی ئەمریكا.

وە ئەگەر وڵاتانی عەرەب چارەسەری كێشەی باشوری سودانیان بكردایە وڵاتانی رۆژئاوایی و ئەفریقی نەدەهاتنە سەرخەت. بۆ كێشەی رۆژئاوای عەرەبیش بە هەمان شێوە.

تەنانەت ئەگەر وڵاتە عەرەبیەكان لەچوارچێوەی پەیماننامەی عەرەبیدا كێشەی پەیوەندییەكانی لوبنان و سوریایان چارەسەر بكردایە كێشەكە نەدەگەشتە ئەم ئاستە.

بەدڵنیاییەوە شتێكی نا ئینساق و نا مەوزوعیە كە جامیعەی عەرەبی یا ئەمینداره گشتییەكەی تۆمەتباربكەین چ وەك دەزگا و چ وەك تاكە كەس.

بەڵام رێز نەگرتنی پەیماننامەكە و ژێر پێنانی رێككەوتنەكانی بواری بەرگری و ئابوری و رۆشنبیری و راگەیاندن لەلایەن ئەندامەكانییەوە وەهایكردوە كە كێشە عەرەبیەكان قوڵتر و گەورەتربن و لوبنانیش وەك یەكێك لەو وڵاتانە بەدەستییەوە بناڵێنێت.

سەرچاوە/

رۆژنامەی المستقبل ی لوبنانی